# هەرەشەی لەشکرکێشی تورکیا
# بۆ سەر کوردستان و هەڵوێستەیەك

**ئەحمەد معین**

نۆڤەمبەری 2007

**ئەزمەیەک کە بەهۆی هەرەشەی لەشکرکێشی تورکیاوە بۆ سەر کوردستانی عێراق سەری هەڵدا هێشتا بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە وکاردانەوەکانی هەر زیندوون . ئەوانەی پێیان وایە لاپەرەکانی ئەو ئەزمەیە پێچرایەوە 2 کۆمەڵن : یەکەم : ئەوانەی ئامانجە راستەقینەکان وپالێپۆەنەرەکانی تورکیایان بە دروستی نەناسیوە و دووەمیش : ئەو لایەنە سیاسیانەی کە ووشترمل ئاسا سەری خۆیان لە لمدا شاردۆتەوە وووشیارانە ئەیانەوێ راستیەکان بشارنەوە.**

**راستە لێدان لە پەکەکە و وەشاندنی گورزی کاریگەر لێی ئامانجێکی ستراتیجی ئەم حکوومەتەی ئێستای تورکیا و حکوومەتەکانی پێشووتری ئەو وولاتە بووە . بەلام لەیەکەمین رۆژی سەرهەلدانی ئەم ئەزمەیەوە هەموو چاودێرە سیاسیەکان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئەوە سەرپۆش وبەشی دیاری ئامانجەکانی تورکیایە لەم هەرەشانەی ئێستایدا ئەگینا تەماحە سیاسیەکانی تورکیا زۆر لەوە فراوانترن .**

**بۆ ناساندنی لایەنەکانی ئەم ئەزمەیە وا پێویستە سەرەتا چوارچێوەی سیاسی کێشەکە بەشێوەیەکی بابەتی ورەها بناسین .**

**پێش هەموو شتێک ئەبێ ئەو راستیە بزانین کە پەکەکە ، لەبەر زۆر هۆ ، نەبووە بە هەرەشەیەکی سیاسی وسەربازی گەورە وستراتیجی بۆ سەر حکوومەتی تورکیا . بەو مانایە تورکیا ئەتوانێ بەئاسانی تەحەموولی بوون وچالاکی سیاسی وسەربازی ئەوان بکات . گێژاوێکی فکری وسیاسی ورێکخراوەیی کە پەکەکە تێی کەوتووە بۆ خۆشیان قابیلی چاوپۆشی نیە . ئەم رێکخراوە تووشی ئەزمەیەکی ستراتیجی گەورە وپاشەکشەیەکی گەورە هاتووە وقیبلەنمای فکری وسیاسی وتاکتیکی خۆی لێ وون بووە . هۆی هاتنە ناوەوەی سەرلەنوێی پەکەکە لەم قۆناغەدا کەمتر پەیوەندی بەچالاکبوون وقورسایی ئەوەوە هەیە وزیاتر پەیوەندی بە رووۆژانی مەسەلەی کورد لەدوای رووخانی بەعسەوە هەیە لە عیراقدا کە ئەویش جێگە وشوێنی مەسەلەی کوردی لەگشت ناوچەکەدا خسۆتە بەردەم ئالوگۆرەوە .**

**حکوومەتی تورکیا ، لەبەر زۆر هۆ ، نەیتوانی ببێ بە یاریکەرێک لە پرۆسەی سیاسی 4 ساڵی رابووردووی عێراقدا. داشی دامەی تورکیا کۆمەڵێ هێزی تورکمانی ـ تۆرانین کە تەنانەت لەناو تورکمانەکانیشدا دەسەلاتێکی ئەوتۆیان نیە . تورکیا نارازیە بە زۆر ئاراستەی سیاسی پرۆسەی ئەم چەند ساڵەی ئالوگۆرەکان لە عێراق . فیدرالیەت ، گەرانەوەی ناوچە تەعریبکراوەکان بۆ سەر کوردستان وبەتایبەتی کەرکووک ، کێشی گەورەی هێزە کوردستانیەکان لە دەسەلاتی ناوەندیدا ، دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وشەپۆلێک لە بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردی عێراقدا خالێ سەرەکین کە تورکیایان نیگەران کردووە . وەنەبێ ئەو فاکتەرانە وکاریگەریەکانیان تەنها کوردستانی عێراقیان گرتبێتەوە بەلکوو لەبەر زۆر هۆ یەکەمین رەنگدانەوەیان لە کوردستانی تورکیادا خۆی ئەنوێنێت. لەکاتێکیشدا کە تورکیا لە ناوخۆدا سادەترین هەنگاویشی نەهاویشتبێت بۆ چاری مەسەلەی کورد ، ئەوکات لەوە سروشتی تر نیە کە مەسەلەی کورد وخەباتی جەماوەری گەلی کوردستانی**

تورکیا لە هەر وەرچەرخان وئەزمەیەکی سیاسی ناوخۆی ئەو وولاتەدا ببێ بە کێشەیەکی گەورە وئاوێزان ببێت لەگەڵ ئەزمەی سەرتاسەری ئەو وولاتەدا . ئەو ڕاستیە بەتایبەتی کاتێک باشتر هەستی پێ ئەکرێت کە ئەوە بزانین تورکیا خۆی لە ناوخۆدا دەرگیرە لەگەڵ زنجیرەیەک کێشە کە هەموویان وەکوو ئاگری ژێر خۆڵەمیشن ودانەمرکاونەتەوە. کێشەی ئابووری وقەرزی زۆر وزەبەندی ئەو وولاتە ، ململانێی نێوان هێزە سیاسیەکانی لەسەر مەسەلەی شوناسی نەتەوەیی وئیسلامی وعیلمانیوبالانسی نێوان ئەوانە ، کێشەی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی تورکیا لە دژی سەرکوت وخنکاندنی ئازادی ومافەکانی خەڵک ، کێشەی هەژاریەکی فراوان و خەباتی کرێکاران وسەندیکاکان . ئەوانە ودەیان کێشەی ناوچەیی کە تورکیا ڕاستەوخۆ تیایدا دەرگیرە ، بە هەموویان لایەنەکانی ئەزمەیەک پێکدێنن کە هەموودەم ئەگەری تەقینەوەیان هەیە ومەسەلەی کورد ئەتوانێ ببێ بە پزیسکی تەقینەوەیان یا بەرفراوانکردنیان .

ئەوەندەش کە پەیوەندی بە فایلی عێراقەوە هەبێ ئەوە ڕاستە کە تورکیا بە پلەی یەکەم لەدەروازەی مەسەلەی کورد وکاریگەریەکانیەوە بۆ ناوخۆی وولاتەکەی ئەڕوانێتە ئەم مەسەلەیە بەڵام دەور ودەسەڵاتی زۆری ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆی ئیران لە عێراقدا کە لەچاو وولاتانی دراوسێ وبەتایبەتی لەچاو تورکیادا هەموو وەرەقەکانی ئەم فایلەی بۆ خۆی کۆنترۆڵکردوە ، ئەوەندەی تر خەوی لەچاوی تورکیا زڕاندووە. هەرچی ئێرانە ئەوە پێویستی بەوە نیە کە ڕاستەوخۆ بکەوێتە بەرانبەرکێ لەگەڵ کوردی عێراق وئەو مەلەفەی سپاردووە بە هاوپەیمانە ئیسلامیە شیعیە عێراقیەکانی وهەرکات بزانێ ئەوان ئیمتیازێکی زیاتر ئەدەن بە هێزە کوردیەکان ، ئەوکات وەکوو کاردابەشکردنێک لەگەڵ ئەو دۆستانەیدا ، خۆشی ڕاستەوخۆ ئەکەوێتە جووڵە وجووڵەی هێز لەسەر سنوور یا بۆمبارانی ناوچە سنووریەکان یا زیندووکردنەوەی فایلی بوونی هێزە کوردیە ئێرانیە ئۆپۆزیسیۆنەکان کە لە کوردستانی عێراقدا نیشتەجێن یا ناردنی هێزی ئەنسار ئیسلام و شێوازی تری لەو جۆرە . بەڵام تورکیا ئەو دەسکەلا بەهێزە ناوخۆییەی لە عێراقدا نیە . تورکیا تا مانەوەی سەدام حسین خەمی ئەوەی نەبوو کە مەسەلەی کورد لە عێراقدا ئەبعادی ناوچەیی بەخۆوە بگرێ. بەڵام ئێستا بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازی سیاسەتی ئێران سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ فایلی کورد لەعێراق وجیاوازی ئەجێندای ئەم 2 وولاتە لەو بارەوە ، ئەو ڕێگەی میراتگری بەعسی لە عێراقدا گرتۆتە بەر . بەبیروڕای سیاسەتمەدارانی دەوڵەتی تورکیا ئەوان چارێکی تریان نیە کە بۆ پاراستنی یەکیەتی خاکی عێراق ڕاستەوخۆ بێنەدەست. ئەمەش لەکاتێکدایە کە حکوومەتی ناوەندی عێراق هێشتا یا ناپەرژێ یا بەهۆی پابەندبوونی ئەم قۆناغەیەوە بەرانبەر ئەمریکا وهێزە کوردیەکان نایەوێ ئەو ڕۆڵە کلاسیکیەی بەعس بگێڕێت .

جگە لەوانەش حکوومەتی نوری المالکی لەڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە هەڵوێستێکی دروستیان گرتە بەر بەرانبەر لایەنەکانی ئەم ئەزمەیە. المالکی هەم دەستی ئێرانی ڕاکێشا وکردی بەلایەن لەمەسەلەیەکدا کە ناوخۆییە کە ئەویش مەسەلەی کوردە ولەکۆنگرەی ئەستەنبووڵدا ئەوە بەزەقی بینرا وئێران بەبێ پەردە وبەخوێندنەوەیەکی ڕاست بۆ مەرامەکانی تورکیا داوای ئەوەی کرد فایلی ناوچە تەعریبکراوەکان تا 2 ساڵی تر بخرێتە لاوە . هەر مالکیش لە سەرجەم ووتووێژەکان سەبارەت بەئەزمەی هەڕەشەکانی تورکیا زۆر ووشیارانە لەکاتێکدا سەرزارەکی هەڵوێستی لەدژی پەلاماردانی سەربازی بوو بەڵام زۆرترین کەڵکی لەوەش وەرگرت تا بیکات بە چەکوشێک بەسەر سەری جەماوەری کوردستان ویەکیەتی وپارتیشەوە بۆ ئەوەی لە داواکاریەکانیاندا زۆر پێی لێ هەڵنەبڕن وئەگیینا ئەوە تورکیا لەسەر سنوورە.

هەر ئێستا یەکەمین نرخی سەودای ئەم ئەزمەیە مەسەلەی ڕیفراندۆمە لە کەرکووک . ئەم فایلە گەرچی پێشتریش لەزۆر لاوە هەوڵی گۆڕەوشارکردنی ئەدرا بەڵام بە کارلێکردنەکانی لەشکرکێشی تورکیا لەسەر سنوورەکان ئیتر ڕوونە کە ڕیفراندۆم لەسەر چارەنووسی کەرکووک بۆ ماوەیەکی نیمچە درێژ ئەپێچرێتەوە . دووەمین بابەتی

سەوداش بوونی پەکەکەیە لەکوردستانی عێراقدا . هەموو بەراییەکانی تەفاعولاتی تا ئێستای ئەم ئەزمەیە نیشاندەری ئەوەن کە تورکیا بەمەرجێک لەشکرکێشی ڕائەگرێت کە حکوومەتی هەرێم خۆی ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ . ئێستا تۆپەکە لەگۆڕەپانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندایە وزۆر ناخایەنێت ڕاستی ئەو لێدوانانەی سەرکردەکانی یەکێتی وپارتی دەرئەکەوێت کە پێیان لەسەر ئەوە دائەگرت کە ئەوان توانای لێدان ودەرکردنی پەکەکەیان نیە . ڕەوتی چوونە پێشەوەی ڕووداوەکانیش بەشی زۆری ناوەڕۆکی بیانوەکانی تورکیایان هەر ئێستا دەرخست . لێدان لە هێزەکانی پەکەکە لە قەندیل ناونیشانی لاوەکی نەک تەنها هەڕەشە وتەماعەکانی تورکیایە لەکوردستانی عێراقدا بەڵکوو ناوەڕۆکی پیلانێکی ناوچەیی گەورەتریشە لەبەرانبەر مەسەلەی کورد . تا ئێستاش ڕەوتی ڕووداوەکان بەولایەدا ئەشکێتەوە کە ئەمریکاش لەبەر خاتری تورکیا وسەقامگیری لە عێراقدا گەر شەریکی ئەو پیلانە ستراتیجیەش نەبێ ئەوە لانی کەم چاودێرییێکی بێدەنگیەتی. دوا لایەنی ئەم ئەزمەیەش کە نابێ ئاماژەی بۆ نەکرێت هەڵوێستی حکوومەتی هەرێم وهێزە پێکهێنەرەکانیەتی . ئەمان بە هۆی بەرچاوتەنگی سیاسی ومەرامی تەسکی حیزبی خۆیان وستراتیجیەتی دۆستایەتی ئەمریکاوە نەک لەم ئەزمەیەدا لاوازترین لایەن بوون بەڵکوو بە سیاسەتێک کە گرتویانەتەبەر خەریکن لە ئەڵقەیەکی گرنگ لە ئاڵوگۆڕەکانی عێراق وناوچەکەدا مەسەلەی کورد بەچەندین فرسەخ بگێڕنەوە بۆ دواوە . ئەمان لەم ئەزمەیەدا کە تا ئێستاش ئەڵقەکانی بە شێوازی تری سیاسی ودیبلۆماسی درێژەیان هەیە پاشکۆی ڕووداوەکان بوون نەک توخمی کاریگەر تیایدا ، پاکانەیان ئەهێنایەوە نەک خاوەنی سیاسەت وهەڵوێستێکی مەنتیقی وتۆکمە ، وەرگری فەرمان بوون نەک خاوەن مەسەلەیەک ، لەسەرجەم هەڵوێستەکانیاندا لە مەسەلەی لاوەکی وەکوو بوونی هێزی پەکەکە لە کوردستانەوە تێهەلئەچوون و ئەکەوتنە ئەو داوەوە نەک لە ڕیشەی مەسەلەکە تێوە بچن و ... تاد .